# پرسەکانی هونەری شێوەکاریی و
# پەیوەندیی هونەرمەندانی تاراوگە لەگەڵ هونەرمەندانی ناوەوە.

**دیمانە لەگەڵ هونەرمەندی شێوەکار جاسم غەفور.**



**ئامادەکردنی: سیروان سەپان**

**سیروان سەپان: خۆتمان پێ بناسێنە، ناوی سیانی و ساڵ و شوێنی لەدایکبوون، چ ساڵێک وە بۆچی لە کوردستان دەرچوویت؟**

**ناوم جاسم غەفورەو ساڵی 1971 لە شارۆچکەی تەوێڵە لەدایک بووم، خوێندنی سەرەتاییم لە تەوێڵە و خوێندنی ناوەندیم لە هەڵەبجە تەواوکردوە. ساڵی 1984 لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلیمانی وەرگیرام و ساڵی 1999 بەشی هونەری شێوەکاریم لە پەیمانگا تەواوکرد. پاش تەواوکردنی خوێندن, لە چەند چالاکی هونەری و پێشانگادا بەشداریم کردوەو دوو پیشانگای هاوبە ش و چەند چالاکیەکی هونە ریشم لە سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان لە کوردستان ڕێکخستووە. ساڵی 1994 وەک مامۆستای هونەر دامەزرام پاشان لە قوتابخانەکانی: ئەحمەدی خانی سەرەتایی لە خورماڵ، دیکۆنی سەرەتایی، ناوەندی هەڵوان، خانە ی نەوجەوانانی کارێزەوشک، قوتابخانە ی ئەزمڕی سەرەتایی لە سلیمانی وانەی هونەرم ووتوەتەوەو لە چالاکیەکانی ساڵانەی قوتابخانەکاندا بە ئەنجامێکی زۆر بەرزەوە بەشداریمان کردووە.**

**مانگی حەوتی 2000 بەهۆی نائارامی هەلومەرجی سیاسی، کوردستانم بەجێهێشت و لە وولاتی بە ریتانیا گیرسامە وە و تا ئێستاش لە بەریتانیا نیشتەجێم ، هەر لەگەڵ گەیشتنم لە هەوڵی پەرەپێدان و پێشخستنی توانای هۆنەریمدا بووم وە لەو نێوەشدا لە پێکهێنانی دوو گرووپی هونەری (تراڤیلنگ لایت Travelling Light و لۆنگ جۆرنی هۆم Long Journey Home) دا ڕۆڵی سەرەکیم بووە کە پاشان چەندین چالاکی و پێشانگای هاوبەشمان لە بەریتانیا ئەنجام دا، ساڵی 2008 خوێندنی هونەریم لە زانکۆی داربی Derby بەشی هونەرە جوانەکان تەواوکردوە. دواترین چالاکی هونەریم بەشداری کردنم بوو لە پێشانگایەکی هاوبەش لە زانکۆی ترێنت نۆتینگهام Nottingham Trent University کە من بە ئینستولیشنێک بە ناوی "سەفەرێک لە ئازار" بەشداریم کرد.**

**سیروان سەپان: باسی ژیانی هونەریتمان بۆ بکە، روونی بکەرەوە کە چي تۆي کرد بە هونەرمەند؟**

**جاسم غەفور: پێش ئەوەی بچمە قوتابخانە، دەچوومە دوکانی مام فارسی کڵاش درووستکەر کە بەرامبەر دواناوەندی تەوێڵە بوو، مام فارس پیاوێکی زۆر ڕووخۆش بوو کە زوربەی منالان کە بەو کۆڵانەدا دەڕۆیشتن سەردانیان دەکرد و ئەویش بەڕوویەکی خۆشەوە لای خۆی دایدەنیشاندین و قسەی خۆشی بۆ دەکردین.**

**ڕۆژێکیان چەند پەڕەکاغەزی لوولکراوم لە کونجێکی دوکانەکەدا بینی و ڕوخسەتم لە مام فارس خواست کە سەیریان بکەم. وێنەکان بە دەستی قوتابیانی دواناوەندی تەوێڵە بۆ تاقیکردنەوەی هونەر کێشرابوون، کە زۆربەیان سروشتی شاخاوی هەورامان و کەو و خانووی لەسەریەکدروستکراوی تەوێڵە بوون، دەستم کرد بە هەڵدانەوەی دانەبەدانەیان کە بۆ ئەوکاتی منالّیم جوانی وێنەکان سەرسامیانکردم. پاش بینینی ئەو وێنانە منیش زۆر حەزم دەکرد کە وێنە بکێشم بۆیە هەر پەڕە کاغەزێکم دەست بکەوتایە وێنەم لەسەر دەکێشا، (یەکێ لەوێنەکان هی کاک کازمی برام بوو و کە ئەویش ئەوکات حەزی لە وێنەکێشان و خوشنووسی بوو. هە روە ها کاک داودیشم حە زی لە هونە ر بوو، وە زۆربەی کاتی لەگەڵ کاک نەجمەدین بەسەردەبرد کە وێنەکێش و خۆشنووسێکی بەتوانا بوو کە دواتر وێنەکانی زۆر کاریگەریان لەسەرم دانا).**

**ئەمانە سەرەتای سەفەری هونەریم بوون تا چوومە قوتاخانەو لەوێش مامۆستای هونەرمان مامۆستا عوسمان هەورامی هاوکاریەکی باشی دەکردین و بە هەوڵی ئەو توانی وەرشەیەکی هونەری زۆر باش لە قوتابخانەی سەرەتایی تەوێڵە بکاتەوەو پێداویستی دارتاشی و سیرامیک و کاری دەستی بۆ دابین بکات، بەڵام بەداخەوە کە زۆری پێنەچوو شەڕی عێراق ئێران دەستی پێکردوو وتەوێڵە هەر زوو کەوتە بەر ئەو شەڕە و مەجبوور بە بەجێهێشتنی بووین و زۆر سوودمان لە وەرشەکە نەبینی.**

**پاشان هاتینە شاری هەڵەبجەو لەوێ زیاتر خووم دایە وێنەکێشان و کۆپیکردنی وێنەی فۆتۆگرافی کەسوکارو کەسانی ناودار، هەرچەندە لە قۆناغی ناوەندیدا کەمتر گرنگی بە وانەی هونەر دەدرا، بەڵام وێنەکانم پیشانی مامۆستاکان دەداو ئەوانیش دەستخۆشیان لێدەکردم و زیاتر هانیان دەدام. هاورێکانیشم هەمیشە باسی توانای هونەریان دەکردم و وێنە م بۆ دروست دە کردن. پاش تەواوکردنی قۆناغی ناوەندی ساڵی 1984چوومە پەیمانگای هونەرەجوانەکان، بەشی شێوەکاری لە سلیمانی.**

**پێنج ساڵی خوێندنم لە پەیمانگای هونەرەجوانەکان بڕگەیەکی زۆر پڕ بایەخ بوو لە دروستبوون و پەرەپێدانی کەسایەتیمدا. ئەو ماوەیە جگە لە بەردەوام خوێندنی هونەر و تەکنیکی هونەری شێوەکاری، هەرواش هونەر بووە دەریچەیەک بۆ ناسینی چەندین نووسەر و بەرهەمی ئەدەبی و سیاسی جیهانی و خوێندنەوەو گفتوگۆکردن و داستاودەستکردنیان. ئەوکات زۆربەی قوتابیان تێکەڵی بزاڤی نهێنی سیاسی و ڕوشنبیری بوون و لەو نێوەدا چەندین قوتابی لەلایەن ڕژێمەوە دەستگیر و ئەشکەنجە دەدران وە چەندینیش گیانیان لە ژێر ئەشکەنجەی دڕندانەی ڕژێمدا لەدەستدا.**

**سیروان سەپان: ئەگەر بگەڕێینەوە ڕابوردوو بەتایبەت لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا، تێبینی ئەوە دەکەین کە پێشانگاکان دەبوونە شوێنی گفتوگۆو مناقەشەکردن لای بینەران و هونەرمەندان لە ڕووی کارەکەو نمایشکردن وڕەخنەگرتن، بەڵام پێشانگا ئێستا ئەو گرنگیەی نییە، بۆ؟**

**جاسم غەفور: سەردەمانێک پێشانگاکان، نمایشە شانۆییەکان و چالاکیە ئەدەبیەکان مەیدانێکی گرنگی ئامادەبوونی جەماوەری بوون بۆ لێدوان و چالاکی نواندن لەسەر پرسە سیاسیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان. شتێکی بەڵگە نەویستە کە ئەو کاتەی مەیدانەکانی خەباتی ئاشکرای جەماوەری ڕووبەڕروی داپڵوسین و خەفەقان دە بنە وە، ئیتر هونەرو ئەدەب دەبنە ئەو پانتاییەی کە مەغزایەکی نهێنی دەبەخشنە ئەو ئامادەبوونەو مەیدانە نادیارەکانی چالاکی لەبەردەم خەڵکدا ئاوەڵادەکات، بەوپێیەش ئامادەیی جەماوەری لە وەستان و پووکانەوە دەپارێزێت. ئەمە خەسڵەتێکی مێژووی هونەرو ئەدەب بووە لە هەموو سەردەم و بڕگە مێژووییەکاندا. هەر ئەمەش وای کردبوو کە ئەرکەکانی کاری هونەری و مانا پەنهانەکانی ببنە سەرپەناو سەنگەرێک کە لەناوبردنی بۆ ڕژێمەکان سەختتر بێت. لەو هەلومەرجەدا نرخی هونەر لە چوارچێوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکەیدا**

ماناى پەیدا دەکرد. ئامادەیی زۆرینەی خەڵک لە کایەی سیاسیدا و بڕوابوون بە هاوپشتی و هاوخەباتی لەگەڵ تێڕوانین و چێژی هونەری لەو سەردەمەدا پەیوەندیەکی گرێدراویان بەیەکەوە هەبوو.

**سیروان سەپان:** ئەگەر ڕۆژگارێک هونەر ڕۆڵی بەرگریکردنی بینیبێت ئەمڕۆ ئەم وەزیفەیەی نەماوە، پێت وایە وەزیفەی نوێی هونەر لەم سەردەمەدا چییە؟

**جاسم غەفور:** ئاشکرایە پێ بە پێی ئاڵوگۆڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگایەک، شێوازی بیرکردنەوەو دونیابینی مرۆڤیش ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت و هونەریش بەهەموو فۆرم و بزاڤ و کاراکتەرەکانیەوە دەچێتە ژێر کاریگەری ئەو ئاڵوگۆڕانەوە. ئەوەی ئێستا دەیبینین ڕەنگدانەوەی ئەو تەوژمەیە لە گۆڕانکاری. دەکرێت هەریەک لە ئێمە بە تێڕوانینی جیاوازەوە لەو ئاڵوگۆڕانە بڕوانین، بەڵام بە لای منەوە کارەکە وا ئاسان نیە کە تەنها وەڵامی ڕاست یان هەڵە لەبەردەم ئەم پرسەدا دابنێین، بەڵکو کارەکە لەوە زیاتر لێوردبوونەوەو خوێندنەوەی دەوێت. من وای دەبینم کە ئەو شێوازی خەباتەی کە لە هەفتاکان و هەشتاکاندا برەوی هەبوو، هونەریش وەک پێداویستیەکی ماددی و مەعنەوی و بەشێکی دانەبڕاوی ئەو سەردەمە و مەیدانێکی ئەو خەبات و بزووتنەوە سیاسیە خۆی دەنواند. ئەرکە هونەری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکەی ئێستای هونەر ڕەنگدانەوەی پرس و ویستە هەنووکەییەکانی ئەمڕۆیە. من بەم قسانەم مەبەستم نیە بە باڵای ژیان و ئاکار و ئاستی بیرکردنەوەی ئەم سەردەمەدا بڵێم، بەڵکو دەمەوێت زۆر بە سادەیی و بەکورتی جیاوازیەکانی هونەر لە سەردەمە جیاوازەکاندا باس بکەم.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پێناسە باوەکەی هونەر ئاوێنەی ژیانە، ئەوا ساناتر وەڵامی ئەو پرسیارە گرێیەمان دەست دەکەوێت. ئێستا دەبینین شێوازی ژیان، کاراکتەرە سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیریەکان و دامێنەی پەیوەندی ژیاری کۆمە ڵگای کوردستان لەگەڵ دنیای دەرەوەدا ئاڵوگۆڕیان بەسەرهاتووە، هەتا پارت وگرووپە سیاسیەکانیش پەیوەندیان بە جەماوەری کوردستانەوە گۆڕاوە. ئێستا ئەو پارتانە لە دەسەڵاتدان و لە قۆناغی بەرگری نیشتمانیەوە گۆڕاون بۆ دەسەڵاتی کوردی و ئەمەش میکانیزمەکانی پەیوەست بوون بە پرەنسیبە کۆنەکانی پارتی خەڵک، ئاڵوگۆڕیان بەسەرهاتووە، هەرواش ئینتمای مرۆڤی کوردیش بۆ بە پیرۆزکراوەکانی نەتەوە، خاک، نیشتمان وەک خۆیان نەماون، بۆیە دەرگیریە نوێکان تاکی کوردیان لەگەڵ پێداویستیەکانی ژیانی ئەمڕۆیی ڕووبەڕووکردوەتەوە. ئەو کاراکتەرە تازە داسەپێنراوانەی کە سەردەمی پاش جەنگەکان، کرانەوەی ئابووری ، ڕووخانی دەسەڵاتە ناوچەییەکان و جیهانیبوونی پێناسی هاوڵاتیبوون لەگەڵ خویدا هێناون، هونەری لەبەردەم ئەرک خۆنواندنێکی نوێ و سەردەمیانەدا ڕاگرتووە.

**سیروان سەپان:** پێتوایە لە دونیای ئەمڕۆدا تابلۆ دەبێت چ خاسیەتێکی هەبێت بۆ سەرکەوتنی؟ یان تایبەتمەندیەکانی تابلۆی سەرکەوتوو کامانەن؟

**جاسم غەفور:** بەڕای من هەبوونی پێوەرێک و تایبەتمەندیەکی دیرایکراو بۆ ناسینەوەو نرخاندنی کاری هونەری/ تابلۆ لەم سەردەمەدا چوارچێوەی جیاجیا لە خۆ دەگرێت، ئەویش بەپێی ڕوانگەو ئاستی ناسینی کاری هونەری و سەرخانی مەعریفیی هەرکۆمەڵگایەک دەستنیشاندەکرێت. هەڵبەتە لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا ئەم ئەرکی نرخاندنە بە ئاستێک لە ستانداردێکی تەکنیکی و هونەری گەیشتووە کە پرۆسەی خەمڵاندن و نرخاندن و پۆلێنکردنی کارە هونەریەکانی ئاسانتر کردووە، بەڵام ئە ویش تەنها لە دیدگای خواستی بازاڕ و ڕەنگدانەوەی کاراکتەرە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانەوە خوێندنەوە بۆ تابلۆ دەکات. پێشتر ئاماژەم پێکرد کە ئێستا تابلۆ لە فۆرمە کلاسیکیەکەیدا ناناسرێتەوە، بەڵکو کۆمەڵێک فاکتەری تری وەک شێوازی نیشاندان، فاکتەری گێڕانەوە، فاکتەری دەربڕین، تازەگەری و داهێنان، تەکنیکی هونەری، باکگراوندی مەعریفی تابلۆ و هونەرمەند، دەورێکی گرنگیان لە نرخاندن و پۆلێنکردنی کارەهونەریەکاندا هەیە.

من تابلۆی سەرکەوتوو یان کاری هونەری سەرکەوتوو لە چوارچێوەی توانای کارە هونەریەکە لە ووروژاندنی پرسیار و هەڵخڕاندنی وویستی ووتووێژ و بیرکردنەوە لای بینەران دەنرخێنم، هەروەها هونەرێک بتوانێت لە بەرزکردنەوە و بردنەپێشەوەی توانای تێگەیشتن لە ئیستاتیکا و ئەو پانتا ییە مەعریفیەی کە لە تابلۆدا ئامادەیی هەیە کار لە بینەرانی بکات و ئامادەیی بینەران لە پرۆسەی کامڵکردنی نەخشی تابلۆو ئامانجێک کە تابلۆ بەدوایەوەیەتی فەراهەم بکات. بتوانێت لە درێژماودا پرسیارگەلێک لای بینەر بەجێبهێڵێت و بینەر بەرەورووی گفتووگۆیەکی خودی دەربارەی پرسێک کە تابلۆ ئامانجیەتی بکاتەوە. تابلۆی سەرکەوتوو دەبێت ڕەگی مێژوویی و مەعریفی و ئستاتیکی هەبێت تا لە دروستکردن و نەخشاندنی مێژوودا کاریگەربێت.

**سیروان سەپان:** دەوترێت هیچ پردێک نییە بۆ بەیەکەوە بەستنەوەی هونەرمەندانی کورد لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان؟

**جاسم غەفور:** لە م دەمە مێژووییەدا، میکانیزمی زۆرلەئارادان کە ڕێگە لە دابڕانی فیزیکی و هونەری و مەعریفی هونەرمەندان بگرێت. ئەوەی کە جیاوازە و دەکرێت هونەرمەندانێک لە بڕگەیەکی مێژووییدا
لە یە کتر تەریک و دابڕاو بکات، تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگاکان و ئاستی کرانەوەو وەرگرتنی هونەرمەندانە لەو کۆمەڵگایانەدا. پرسی هونەرمەندانی تاراوگە لە هونەرمەندانی ناوەوە جیاوازە ، ئەو کێشەو گرفتانەی کە هونەرمەندانی ناوەوە و دەرەوە لەگەڵیدا بەرەوڕوون جیاوازن، هەروەها مەمەڵەکردن لەگەڵ پێداویستیە هەنووکەییەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ ڕابوردوو و یادەوەریەکان بۆ هونەرمەندانی تاراوگە جیاوازە. دەتوانرێت ئەمانە وەک بەشێک لە هۆکارەکانی دابڕانی هونەرمەندان لەیەکترسەیربکرێن، بەڵام زۆر مەیدانی تر هەن کە هونەرمەندانی تاراوگە لەگەڵ هونەرمەندانی ناوەوە پێکەوە گرێدەدات و فرسەتی کاری هاوبەشیان بۆ فەراهەم دەکات.

جیاوازیەکی تر کە دەکرێت وەک فاکتەری دابڕان چاوی لێبکەین، روخسارو شێوەی مامەڵەکردنە لەگەڵ پرسە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو کۆمەڵگایەی کە هونەرمەندی تاراوگەبووی لێوە هاتووە، سەیر دەکەین کە هونەرمەندی تاراوگەبوو بە حوکمی دابڕانی فیزیکی لە کۆمەڵگاکەی، زیاتر وێنایەکی ڕۆمانسیانەی لە ڕابوردووی خۆی و کۆمەڵگاکەی هەیە و کەمتر دەتوانێت بە کێشەوگرفتەکانی کۆمەڵگای لێوەهاتووی هەستیاربێت، بەڵام هونەرمەندانێک کە لە ناوەوەن زیاتر لەگەڵ کاراکتەری واقیعی کۆمەڵگادا بەرەوڕوون و دیدگاو تێڕوانینیان بۆ گرفتەهەنووکەییەکان و پرسە کۆمەڵایەتیەکان، کێشە مەعریفیەکان و ڕێگریە فەرهەنگی و ئەخلاقی وسیاسیەکان واقیعی ترە. بەڵام خاڵی لێکگرێدان وهاوبەشی هونەرمەندان پێویستە لەسەر بنەمای هونەری و پاڵنەرە مرۆیی و کۆمەڵایەتی و مەعریفیەکان دیاریبکرێت و بەو پێیەش پردەکانی وەسڵکردن و لێکهەڵپێکانیان بنیات بنرێن. هونەرمەندان پێویستە لە پانتاییەکی گەورەتری مێژوویی و وەک پێداویستیەکەی هونەری و کۆمەڵایەتی لەدەوری یەکتر کۆببنەوە تا بتوانن لە پرۆسەی بنیاتنانی کۆمەڵگای مۆدێرن و مەیدانداربوونی هونەرمەندان لە پرسە کۆمەڵایەتیە مێژوویەکان ئامادەییان هەبێت.





پێش

بازدان، ١٠٠ به ١٢٠ سم، ئەکریلیک لەسەر کانفاس،٢٠٠٧      هەڵدانەوەی یادەوەریکان، ١٠٠ به ١٢٠سم، ئەکریلیک لەسەرکانفاس،٢٠٠٧

**سیروان سەپان:** بیرۆکە بنەمای کارە، ئەگەر دووکەس یەک لەدوای یەک دوو تابلۆ نمایش بکەن، وە ئەگەر تابلۆکان لە ڕووی ناوەڕۆکەوە نزیک بن لەیەکتر ئایا ئەمە نابێتە دزینی مەعریفی، یاخود کۆپی کردنەوەی کارەکە لە هونەرمەندی تر؟

**جاسم غەفور:** ئەگەر دوو هونەرمەند یان چەندین هونەرمەند لەسەر بابەتێکی دیاریکراو کاری هونەری بەرهەم بهێنن ئەوە هیچ کێشەیەک دروست ناکات وە هەتا ئەگەر چەندین ڕوخساری هاوبەش لەکارکاندا ئامادەبێت. هەڵبەت زۆر هونەرمەند هەن بە توانایەکی تەکنیکی بەرزەوە کۆپی کارە هونەریە ناودارە کانان دەکەنەوە و ژیانی خۆیانی پێدابین دەکەن، ئەمەش هەرگیز نەیتوانیوە کار لە نرخی کاری کۆپیکراو بکات و لە نرخی دابەزێنێت. بەڵام ئەگەر پرسیار ئەوەبێت کە ئایا ئەمە دزیینە، بەڕای من وە بەپێی ئەو ئەزموونەی کە لە بزاڤی هونەری لە بەریتانیا بەدەستم هێناوە و لە زانکۆ وەرمگرتووە، ئەمە بە دزین لەقەڵەم نادرێت و هیچ گرفتێکی لەو بابەتەم بەدی نەکردووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە خوێندنی زنکۆدا قوتابیان زۆر هاندەدران تا دەبارەی هونەرمەندانی تر بخوێننەوەو شتیان لێوە فێربن، بزانن چۆن و چ تەکنیکێکیان بەکار هێناوە، بۆ ئەوکارەیان ئەنجام داوە وە لە کۆتاییدا چ هاوشێوەییەک لە کاری قوتابیەکەو هونەرمەدنەکەدا هەیە. ئەمە وەک ڕێگایەک بۆ دۆزینەوەو داهێنانی ڕێچکەی تایبەتی و نیشاندانی تایبەتمەندیە کەسیکان هاندەدرێت. کەواتە هەتا ئەگەر چوونیەکیەک لە چەندین تابلۆدا هبێت هێشتا هەر یەکێک لە تابلۆکان هەڵگری تایبەتمەندی و هێماو توانای هونەری خۆیەتی و لەوانی تر جیادەکرێتەوە.

**سیروان سەپان:** دەوترێت هونەرمەندانی شێوەکار لە ئەورووپا لە ڕێگەی کەناڵی ئاسمانی ڕۆژەوە گلەییان لە کەناڵە ئاسمانیە کوردیەکان دەربڕیوە، چونکە زیاتر کەناڵی ڕۆژ تیڤی بەسەریانی کردوونەتەوەو کارەکانی پیشان داون؟

**جاسم غەفور:** دەبێت ئەوەمان لەیادبێت کە کاتێک باسی کۆمەڵگایەک دەکەین کە لەسیستەمی بیرکردنەوەو بەڕێوەبردنیدا کەمترین گرنگی بە دەوری هونەرنادات و هونەر ئامادەیی لە بیرکردنەوەو فەرهەنگی گشتی کۆمەڵگادا نیە، وە ئەو دامەزراوانەی کە گوایە بۆ ئەو کارە پێکهاتوون، کەمترین دەسەڵاتیان لە بڕیارە سیاسیەکاندا نیە، ئیتر بەو پێیەش شێوەی وەڵامەکە دەگۆڕێت. ئەگەر سەیرێکی ڕەگەزی هونەری لە بنیاتنانی شوێنەکان و نەخشەکێشانی شارەکان بکەیت، هەژاریەکی بێوێنەی چێژی هونەری و ئیستاتیکی لە عەقڵی دەسەڵات و دامەزراوەکاندا بە ئاسانی دەستنیشان دەکەیت. هونەرمەند هیچ بوونێک و ئامادەییەکی لە دیزاین و پێشخستی شێوەی بنیاتنانی ژینگەو شوێنگەکاندا نیە. ئەگەر هەلومەرجەکە لەم تراژیدیا هونەریەدا خۆ بنوێنێت ئیتر گرنگی ئەو گفتووگۆ و بەسەرکردنەوانەی کەناڵەکان دەچێتە ژێر پرسیار. پێم وایە کە کەناڵە ئاسمانیەکان بڵندگۆی ئایدۆلۆجی پارتە دەسەڵاتدارەکانن نەیانتوانیوە ببنە میدیایە کی ئازاد وێستگەی هونەرمەندانی دەرەوەی بازنەکە!! کەناڵە ئاسمانیەکان دەتوانن دەورێکی کاریگەر بگێرن لە ناساندنی هونەرمەندانی تاراوگە و پرۆژە هونەریەکانیان  کە فاکتەرێکی گرنگ دەبن بۆ ناساندنی هونەرو دەوری پڕبایەخی هونەرمەندان لە پێشکەشکردنی ڕووبینایەکی شارستانی و مۆدێرن بۆ کۆمەڵگا و گۆڕینی دیدگا کۆن و باوەکان دەربارەی دەورو نەخشی هونەر و لە کۆمەڵگادا.  کاتێک هونەرمەندانی دەرەوە هەمیشە پرۆژەیان هەیە و دەیانەوێت بە هونەرەکەیان و بۆچوونەکانیان لە کردە مەعریفی و ژیاریەکانی کۆمەڵگادا بەشداریان هەبێت، دەبێت دەزگاکان و ڕاگەیاندنەکان زیاتر باوش بۆ ئەم ئامادەییە ئاوەڵابکەن و گرنگی بە کارەکانیان بدەن و پەیوەندیەکی هەمیشەییان لەگەڵ دروست بکەن.

**سیروان سەپان:** ساڵانە  بۆنەو فیستیڤاڵ بۆ کوردەکان لە دەرەوە سازدەکرێت وە بەشێکی هونەرمەندای شێوەکار لەم بۆنانەدا بەشداری دەکەن، بە ڕای تۆ بانگهێشتکردنی ئەم هونەرمەندانە لەسەر چ بنەمایەکە، هونەری یاخود...؟

**جاسم غەفور:** ئەو بۆنەو ڤیستیڤاڵانە لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکی حیزبیدا و  لەلایەن کۆمیتە حزبیەکانەوە سازدەکرێن، ئامانجیان هێنانەسەمای کوردەکانی تاراوگەیە بۆ ستایشکردنی  "دەستکەوتەکانی حیزب و سەرکردەکان". ئیتر ئاشکرایە کێ دەبێت بەشداری بکات و کێ بانگهێشت بکرێت. من لەوچوارچێوەیەدا ئەگەر بانگهێشتیش بکرێم ڕەتی دەکەمەوە. من وەک هونەرمەندێک دەمەوێت پێناسی ئینسانی هەڵبگرم و نامەوێت تا ئاستی ئەندامی حزب و ئینتمای حزبی بچوک بکرێمەوە.  بۆیە ئەو ئاهەنگ و سەماکردنە بۆ دۆڕانەکانمان سوودیان نیە، ئێمە کاری زۆر گەورەمان لەبەردەمدایە کە ئەنجامیان بدەین تا لە کاروانی پێشکەوتن شارستانیەتدا بوونمان هەبێت.   هیوادارم لەوە زیاتر سەما بۆ مردنی خۆمان نەکەین و بە چاوێکی مەعریفی و سەردەمیانەوە لە ئێستامان بڕوانین.

**سیروان سەپان:** بە گشتی کێشەکانی هونەری شێوەکاری لەچیدا دەبینیت؟

**جاسم غەفور:** دەستنیشانکردن و هەڵسەنگاندنی کێشەکانی هونەری شێوەکاری کارێکی سەختەو دەکرێت کەسانی لێکۆڵەرەوە و تایبەتمەند لەوبوارەدا بتوانن کاری لەسەر بکەن و بە ئەنجامگیری دروست و زانستی بگەن، بەڵام منیش وەک هونەرمەندێکی شێوەکار لە پانتاییەکی دیاریکراودا دەتوانم بۆچونی خۆم بەیان بکەم. هونەری شێوەکاری وەک هەموو هونەرەکانی تر ڕووبەڕووی گرفت و کێشەی جۆراوجۆرە، وە بوونی ئەو کێشانەش کارێکی سادەیەو وەک پێداویستیەکی دەروونی و بەردەوام خۆیان دەنوێنن، چونکە بوونی ئەو گرفتانە لە پرۆسەی بەرەو پێشچوون و گۆڕانکاریدا پێویستن. ئەگەر لە باری تەکنیک و ئیستاتیکاوە سەیری هونەری شێوەکاری بکەین ئەوا بەو ئەنجامە دەگەین کە ئاڵوگۆڕی گەورە پێ بەپێی ئاڵوگۆڕە ژیاریەکان، کۆمەڵایەتیەکان، ئابوریەکان و مەعریفیەکان ڕوویانداوە.

ئێستا ڕۆڵ و کارکردی هونەر لە ژیانی خەڵکدا گۆڕراوە، ئەمەش لەگەڵ خەسڵەتەکانی تاکگەرایی و بە کاڵابوونی مەبدەئە ئینسانیەکان و بە کڕیاریکردنی تاکی کۆمەڵگا و نرخاندنی هەموو لایەنە مەعنەویەکانی مرۆڤ لەسەر بنەمای نرخی کاڵایی و یەکبار مەسرەفی، هەروەها ڕوانگەو پەیوەندی تاکی ئەمڕۆ بە چالاکیە هونەری و مەعریفیەکانیشەوە گۆڕانکاری بەسەرهاتووە. لەم سەردەمەدا ئیتر هونەر بەتایبەت هونەری شێوەکاری بۆ مرۆڤی بەتاککەوتووی پەراوێزکراو زیاتر وەک پێداویستی جوانکردن و وەڵامدانەوە بە ئارەزووە کەسیەکان، ڕازاندنەوەی ماڵ و هۆڵەکان، هەروەها وەک بازاڕێکی گەورەی کڕین و فرۆشتن بۆ دەوڵەمەندەکان و بازرگانەکانی هونەر و خاوەن گەلەریەکان سەیردەکرێت. هەڵبەتە هونەرمەند هەن کە ناخوازن لەم چوارچێوە بەرتەسکەدا لەقاڵب بدرێن و بەردەوام کارە هونەریەکانیان وەک چالاکیەکی مەعریفی و سیاسی ئەنجام دەدەن، بەڵام ئەوەی باسم کرد ڕواڵەتی گشتی هونەر لە چوارچێوەی سیستەمی ئابووری و سیاسی ئەم سەردەمە بەیان دەکات.

**سیروان سەپان:** کارەکانت لەسەر ستایلی ڕۆژهەڵاتیە یاخود پەیڕەوی لە قوتابخانەکانی وەک سوریالی و پۆپ ئارت دەکەیت؟

**جاسم غەفور:** کارەکانم زیاتر لە قوتابخانە هونەریە ڕۆژئاواییەکان بەتایبەت قوتابخانەی ئێکسپریشنیستە (تەعبیریەت) ئەڵمانیەکانەوە نزیکە، هەرچەنە خۆم بە ئارەزوومەندانە شوێن ئەم قوتابخانەیە نەکەوتووم بەڵکو بەپێی نزیکی ئەو ویستە هونەری و تەکنیکیانەی کە بۆ گەیاندنی مانا و دەربڕینەکان پێویستم بوون، لە ئەنجامدانی زوربەی تابلۆکانمدا شێوازی کارکردنی ئەم قوتابخانەیەم هەڵبژاردووە. هەروەها شێوازەکانی تری وەک سوریالیزم و ڕە مزیە تیش ئامادەییان لە کارە کانمدا هەیە. هێشتا نەم ویستوە لە چوارچێوەو ستایلێکی دیاریکراودا خۆم قۆرخ بکەم، پێموایە دەبێت ستایل بخرێتە خزمەتی ماناو دەربڕینەکانەوە نەک بە پێچەوانەوە، بۆیە زۆر بۆم گرنگ نیە کە چ ڕێبازو ڕێچکەیەکی هونەری لە کارەکانمدا دەردەکەون، ئەوەی لام گرنگە گەیاندنی مانا و بیرۆکەیە و وە بۆ ئەم کارەش هەوڵدەدەم زمانێکی هونەری کە توانای گەیاندنی ماناکانی هەبێت بۆ کارەکانم هەڵبژێرم.



ڕوانگە، ٨٠ بە ١٠٠ سم، زەیت لەسەر کەنفاس، ٢٠٠٢



سەفەرێک بە تاریکیدا، ٨٠ بە ١٠٠ سم، زەیت لەسەر کەنفاس ٢٠٠٢

**سیروان سەپان:** تۆ پێتوایە چ پردێک دروست بکرێت بۆ بەستنەوەی هونەرمەندانی دەرەوەو ناوەوەی کوردستان؟

**جاسم غەفور:** هەر ئێستا چەندین هەوڵی لێرەولەوێ هەن بۆ دروسکردنی پەیوەندی نێوان هونەرمەندانی تاراوگەو هونەرمەندانی ناوەوە، ئەویش لە ڕێگەی پرۆژەی هاوبەشەوە وەک کردنەوەی پێشانگای هاوبەش، میوانداریکردنی هونەرمەندانی ناوەوە بۆ دەرەوە وە بە پێچەوانەشەوە. چەند گروپێکی هونەری و ڕۆشنبیری لەدەرەوە پێکهاتوون کە بەشێک لە ئامانجەکانیان میوانداریکردنی هونەرمەندانی ناوەوەیەو ناساندنی ئەو هونەرمەندانەو کارەکانیانە بەو کۆمەڵگایانەی کە هونەرمەندانی تاراوگەی لێ دەژین، بەڵام کەمتر پرۆژەی پێچەوانە، لە کوردستانەوە بۆ هونەرمەندانی تاراوگە هەیە. پێویستە ئەو لایەنە ئاوڕی لێبدرێتەوە تا دایەلۆگێکی هونەری و مەعریفی بۆ هونەرمەندان فە راهە م بکرێت. زۆر پیویستە گرنگی بە هونە رمە ندانی تاروگە بدرێت، چونکە ئە وان دە توانن ببنە کە ناڵی لێکهە ڵپێکانی ڕە هە ندە هونە ریە خۆرئاواییە کان بە هونە ری ناو کوردستانە وە. خودی بوونی هونە ری تاراوگە، دە وڵە مە ندی و قووڵیە کی تر دە بە خشێتە بزافی هونە ری لە کوردستان و کە نالیزە کردنی ئە م لێکهە ڵپێکانە ئە رکێکی زۆر هە نووکە یی یە و پشتگوێ خستنی کاریگە ری نە رێیی بە سە ر بزافە کە دا دە سە پێنێ.

**سیروان سەپان:** چۆن لە ئاستی هونەرمەندانی شێوەکار لە کوردستان دەڕوانیت؟

**جاسم غەفور:** ژمارەیەکی زۆر هونەرمەندی بەتوانا لە ئاستی تەکنیکی و هونەریدا لە کوردساندا هەن، بەڵام بەشیوەیەکی گشتی سەرلێشێواویەکی زۆر لە هونەری شێوەکاری لەکوردستان دەبینرێت. کێشەکە تەنها لە مەدا قەتیس نابێتەوە، بەڵکو لەئارادا نەبوونی فاکتەری ڕۆشنبیری هونەری لە دامودەزگاکاندا و لە ئاستی کۆمەڵگادا، هونەرو هونەرمەندانی لە لێواری کۆمەڵگادا داناوەو لە پرۆژەی ژیاری و مەعریفی کۆمەڵدا ناکاریگەری کردوون. هاوکات لەگەڵ بوونی چەند یەکیەتیەکی هونەرمەندان و گالەری

**هونەری بەڵام بەداخەوە لە ئاستی کۆمە ڵگادا تە ریک کە وتوونە تە وە و وکاریگەریە کی بە رجاویان نیە. ئەو یەکیەتی و گروپانە وەک وێنەیەکی بچوککراوەی دەسەڵات و حیزبەکان کاردەکەن. هونەری شێوەکاری کە نەیتوانیوە مێژوو و پێناسێکی هونەری بۆ خۆی دروست بکات، زیاتر لەگێژاوێکی بێ ئایندەیدا پەلدەکوتێت. دە بینین لە وولاتانی ئە وروپادا، گە لە ری و گرووپە هونە ریە کان دە بنە ناوە ندێکی گرنگ بو ریکخستن و ئاراستە کردنی چالاکیە هزریە کان کە تیایاندا گرنگترین و گە رمترین بابە تە کومە لایە تی و مە عریفی و سیاسیە کانیان تیا دە وروژێنریێت، بە ڵام بە داخە وە لە کوردستان هە تا ڕیکخستنی گفتوگۆو سیمیناری هونە ریش لە ئاستی نە بووندایە و گرنگی پێنادرێت. هونەرمەندانی شێوەکار پێویستە بیر لە کۆنگرەیەکی گشتی بە دوور لە دەست تێوەردانی دەسەڵات و حیزب و گروپە هونەری و حزبیەکان بکە نەوە تا گرفتەکان دەسنیشانبکرێن ونەخشەی هەنگاونان بۆ دەورەیەکی تازە لە ئامادەبوون و پێشخستنی هونەری دابڕێژرێت. بەگەڕخستنی ئەو توانا هونەریانەی کە لە کوردستان هەن پێویستی بە نەخشەو پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانە هەیە کە بتوانێت میاکانیزمی نوێ دەستنیشان بکات تا هونەری شیوەکاری بباتە نێو دامودەزاگا ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و ژیاریەکانی کۆمەڵگاوە.**

**سیروان سەپان: پێت وایە ئاستی هونەری شێوەکاری و هونەرمەندانی شێوەکار لە باشوری عێراق بەرزترە یاخود لە کوردستان؟**

**جاسم غەفور: لەبەرئەو دابڕانەی کە لە دواساڵەکانی دەسەڵاتی رژێمی بەعس بەسەر بزاڤی هونەری عێراق و کوردستاندا فەرزکرا وە لەبەر نەبوونی زانیاری پێویست و پەیوەندیەکی زۆر بە هونەرمەندانی عێراقیەوە ناتوانم لە توانا هونەریەکان و ئاستی هونەری ئێستایان قسە بکەم، هەرچەندە لە ڕێگەی ناسین و نزیکبوونەوە بە چەند هونەرمەندێکی شێوەکاری عێراقی و زانیاریە کانی کاتی خوێندنم لە پە یمانگای هونە رە جوانە کان ئەوە دەردەکەوێت کە خاوەن توانا و مۆرک و پێناسێکی هونەرین و هونەرەکەیان زیاتر لە ئاستی دەرەوەشدا ئاماژەی پێدەکرێت. ئاشکرایە کە هونەری شێوەکاری لە عێراق مێژوویەکی دەوڵەمەندی هەیە.**

**سیروان سەپان: دوا ووتەت؟**

**جاسم غەفور: سوپاسی ئەم بەسەرکردنەوەیەتان دەکەم و هیوادارم ئێوەش لە پرۆسەی دەستنیشانکردنی گرفتەکانی هونەری شێوەکاریدا دەوری کەریگەرتان هەبێت.**

www.jghafur.blogspot.com
jasimghafur@gmail.com